# سوعبەت
## لەگەڵ بڵاوکراوەکانا

کوردستانی نوێ: قادر کەرەم گلەیی لە هەموولایەک دەکات

سیخورمە: بەڵام نەجوا کەرەم زۆر مەمنوونە

رووداو: کچە گۆرانیبێژەکان دەڵێن مافمان دەخورێت

سیخورمە: دە بۆیان بخورێنە

چاودێر: چیرۆکی مرۆڤێك بەناوی کورد

سیخورمە: لە نووسینی زالمی بەناوبانگ، مامۆستا تەئریخ

ئاوێنە: لە بێ کارەباییەوە بۆ بێ نەوتیی

سیخورمە: نیشانەی بێ ساحێبیی یە

میدیا: مۆبایل دەمارەکان تێکدەدات

سیخورمە: کرمەکانیش دەمرێنێت

هەولێر: هەستی لێخشاندن لە ژناندا زیاترە

سیخورمە: ئۆف

واڵاپرێس: ئەوەی لە کەرکوك نەمانکرد

سیخورمە: ئیشی مەعقول بوو

ئاڵای ئازادی: لەوە زیاتر زەحمەتکێشان لاواز مەکەن

سیخورمە: فەقیرە خۆی دوو چڵ ئەندام، عەفووەن دوو چڵ ئیسقانی ماوەتەوە

کوردستانی نوێ: وەفدی یەکێتی دەچێتە چین

سیخورمە: چونکێکم لەوێ خۆشە چینی ماچین

کوردستان راپۆرت: حکومەتی عێراق چەکی قورس دەگرێت

سیخورمە: ئای عەقڵی سوکی خواتەوە

شەقام: ئەو مێژووەی تورکیا نایەوێ بینووسێتەوە

سیخورمە: بۆ ئیمتیحان داخلە

ڤینی نوێ: مەرجم زۆرە بۆ شووکردن

سیخورمە: ئەی بۆ عیلاقە؟!

رووداو: چاوەڕوانی چی لەبەغدا دەکرێ؟

سیخورمە: بەس پارەی مەعاشەکە

خەبات: هی خۆم بۆ خۆم، هی تۆش دەخۆم

سیخورمە: نا نا مەیخۆ.. بەس بیلێسەرەوە

کوردستانی نوێ: ئەو پشیلەیەی پیاوە گەورەکانی داچلەکاند

سیخورمە: سەگێکە نەبێتەوە

هەولێر: مناڵ نابێت هەموو شتێك بخوات

سیخورمە: مقاویلیش

ئاسۆ: وەرزش لە کابینەی شەشەمدا

سیخورمە: هەر دەستشکاندنەوەیە

المدی: شەهیدەکانی سێ شەممە

سیخورمە: چوار شەممە کۆن ئەبن

رێگای کوردستان: کوردستان.. هەنگاوێك بۆ پێشەوەو یەکێکیش بۆ دواوە

سیخورمە: دە بە کوردییەکەی خۆمان بڵێ پەنتەڕناش و ئەه

ئاسۆ: نەبیلە عوبێد بیرەوەرییەکانی دەنووسێتەوە

سیخورمە: بە چ روویەکەوە هەڤاڵ؟

هاوڵاتی: دزەکان حەشر بە سلێمانی دەکەن

سیخورمە: بەناوی جیاجیاوە

ئاوێنە: خەندەق بە دەوری هەولێر لێ دەدرێت

سیخورمە: لە ترسی ئەنفلۆنزای بەراز؟

خەبات: هەمەنگوای 300 هەزار نامەی نووسیوە

سیخورمە: هی پشتگیری؟

هەفتانە: زمان ئاوێنەی تەندروستی یە

سیخورمە: گوێچکەش (هاوڵاتی)یەکەیەتی

رێبازی ئازادی: گەورەیی مێشك پێوەر نیە بۆ زیرەکی

سیخورمە: تۆ چوزانی، سەرزل؟!

کوردستانی نوێ: حەمامی ژنانمان بینی

سیخورمە: ئیعتیادییە. بۆ مناڵ قسە ناکەن

رووداو: شەریفترین دز

سیخورمە: شەریکی دزترین شەریفە

کوردستانی نوێ: ئەوانەی خۆشم دەوێن

سیخورمە: خەنجەرەکانیان بە پشتمەوەیە




نەخۆشخانەی گشتی کفری دڵۆپە ئەکات

-کوردستانی نوێ-